گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# رۆڵی فەیسبوك لەپێکهێنانی هوشیاریی وەرزشی لە هەرێمی کوردستاندا

**ژوان ئەحمەد سەعید**
بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلیژی تەکنیکی کارگێری ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Zhwan.saeed.tca@spu.edu.iq

**پ.د.ڕێبەر گۆران مستەفا**
بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلیژی تەکنیکی کارگێری ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
rebar.goran@spu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٢٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٥
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Role. facebook. sport Awareness. Kurdistan Region*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.26

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ بۆ زانینی رۆڵی فەیسبوک دەدات لە پێکهێنانی هوشیاری وەرزشی لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەکە لەجۆری توێژینەوە وەسفیەکانە و مۆدێلی چەندێتی ڕەنگی داوەتەوە بە پشتبەستن بە میتۆدی ڕوپێوی بۆ سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار کە ژمارەیان (250) گەنج بوە لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بۆ مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە. توێژینەوەکە گەیشتوە بەچەند دەرەنجامێک لەوانە: سامپڵی تویژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز فەیسبوک بەکاردەهێنن بەمەبەستی گەیشتن بە هەواڵ و زانیاری و بابەت و کێشە و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، زۆرینەی سامپڵی تویژینەوەکە بە بە ئاستێکی بەرز کارلێک و متمانە لەگەڵ بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک دەکەن، سەبارەت بەبۆچونی سامپڵی تویژینەوەکە سەبارەت بە بەرکەوتەیان بە تۆڕی فەیسبوک و هوشیاری وەرزشیان، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک هۆکارە بۆ دروست نەبونی هوشیاری وەرزشیان سەبارەت بە یارییە وەرزشیەکان)، بە پلەی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک هوشیاری وەرزشیم بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروست دەکات).

# ١.پێشەکی:

تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بە ئامرازی فێرکاریو رۆشنبیریو خزمەتگوزاری دادەنرێن، لە پێشەوەی هەمووشیان، تۆڕی فەیسبوک (Facebook) دێت بەهۆی ئەو ژمارە زۆریەی بەکارهێنەرەی هەیەتی، لەپاڵ فرەبەکارهێنانیدا، کە ئێستا تەنیا ئامرازی پەیوەندی و یەکترناسین نیە، بەڵکو بەشدارە لە فێرکردنو گواستنەوەی زانیاریو راستیەکان، فەیسبوک، هەوڵ بۆ بەدیهێنانی چەندین ئامانج دەدات لە سودی تاكو كۆمەڵدا لە( پەروەردە، فێرکردن، رۆشنبیرکردن، هوشیاری)، لە سەرجەم بوارەکاندا بە تایبەت بواری وەرزش، بۆیە فەیسبوک بەشداریەکی کارا دەکات لەگواستنەوەی زانیاریو هەواڵو ناوەرۆکی وەرزشی، بە هۆیەوە پاشخانێکی گەورە بۆ بەکارهێنەر دروست دەبێتو دەبێتە هۆی پێکهێنان و گەشەکردنی هوشیاری وەرزشی لای بەکارهێنەر.

تۆڕی فەیسبوک یەکێکە لەو ئامرازە کاریگەرانەی کە دەتوانێت پرۆسەی خۆپەروەردەکردنو رۆشنبیرکردنو پێکهێنانی هوشیاری بە تایبەتیش هوشیاری وەرزشی خێراتر بکات. گرنگی فەیسبوک بۆ گەنجان لە بواری وەرزشدا لەوەدایە کە هانیان دەدات بۆ بەشداری یان چاودێری چالاکیە وەرزشیەکانو تێربونێکی تەواو دەستەبەردەکات لەروی دەرونیو مەعریفیو تەندروستیو کۆمەلایەتیەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداری راستەوخۆ لە پێکهێنانو پەرەپێدانی هوشیاری وەرزشیاندا.

# ٢. میتۆدنامە:

## ١.٢ کێشەی توێژینەوەکە:

توێژەران کێشەی توێژینەوەکە لەپرسیارێکی سەرەکیدا دەخەنەروو: (ئایا فەیسبوك رۆڵ دەگێڕێت لە پێکهێنانی هوشیاری وەرزشی لە هەرێمی کوردستاندا؟)، بێگومان ئەم پرسیارە سەرەکیەش خۆی لەچەند پرسیارێکی لاوەکیدا دەبینێتەوە:

1- ئاست و قەبارەی بەکارهێنانی فەیسبوك چەندە لە هەرێمی کوردستان؟

2- ئاستی کارلێك کردنی بەکارهێنەران چەندە بە بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبوك؟
3- ئاستی متمانەی بەکارهێنەران چەندە بە بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوك؟
4- بۆچونی سامپڵی توێژینەوەکە چی یە سەبارەت بە پێکهێنانی هوشیاری وەرزشیان بە هۆی بەرکەوتەیان بە تۆڕی فەیسبوک؟

## ٢.٢ گرنگی توێژینەوەکە:

1- گرنگی زانستی:

أ- ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەو توێژینەوە نوێیانەی کە لەسەر فەیسبوك و هوشیاری وەرزشی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.
ب- ئەم توێژینەوەیە تیۆری (الفجوه الرقمیه) بەکاردەهێنێت بۆ زانینی رۆڵی فەیسبوك لە پێکهێنانی هوشیاری وەرزشی لای بەکارهێنەرانی فەیسبوک هەرێمی کوردستان، کە خودی تیۆرەکەش یەکێکە لە تیۆرە نوێکان کە لە بواری راگەیاندن و گەیاندن بەکاردێت.
2- گرنگی پراکتیکی: بریتیە لە پێکهێنانی هوشیاری وەرزشی لای گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەکی ئەرێنی هاتوە بە هۆی بەرکەوتەیان بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، ئەمەش وادەکات کە هانی گەنجان بدرێت بۆ بەکارهێنانی ئەم تۆڕە و هاوشێوەکانیان بۆ زیادکردنی هوشیاریان بە شێوەیەکی گشتی و هوشیاری وەرزشی بە شێوەیەکی تایبەتی.

## ٣.٢ ئامانجی توێژینەوەکە:

1- زانینی ئاست و قەبارەی بەکارهێنانی فەیسبوك لەلایەن بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستان.
2- زانینی ئاستی کارلێکی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتە وەرزشییە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوك.
3- زانینی ئاستی متمانەبوونی بەکارهێنەران بە بابەتە وەرزشییە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوك.

4- زانینی بۆچونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە پێکهێنانی هوشیاری وەرزشیان بە هۆی بەرکەوتەیان بە تۆڕی فەیسبوک.

**٤.٢ توێژینەوەکانی پێشوو:**

- توێژینەوەی (العلی، عقبه عبدالنافع)، بە ناونیشانی (دور مواقع التواصل الاجتماعي فی تشكيل ثقافة الشباب) کە توێژینەوەیەکی شیکاری یە لەسەر سامپڵێك لە خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق و لە گۆڤاری (مجلة العلوم الانسانية و الطبيعية) لە بەرواری 2023/5/1 بڵاوبۆتەوە. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لە پێکهێنانی رۆشنبیری گەنجان، و توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە شیکردنەوەی زانیاری و داتاکان بەشێوازێکی زانستی کە رەنگدانەوەی ئەو رۆڵە بێت کە بەشدارە لە بنیاتنانی توانا فکری و رۆشنبیریەکانی گەنجان بەپێی نەریت و باوەرە ئاینیەکان. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریش بریتی یە لە فۆرمی راپرسی و تێبینی کردن، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتی بوە لە 50 خوێندکاری زانکۆی دیمەشق کە بە 5 دانیشتنی توێژینەوە ئەنجام دراوە کە هەر دانیشتنێك 10 خوێندکار تیایدا بەشداربون.

2- توێژینەوەی (عبدالجواد، ساره سعيد) بە ناونیشانی (الصفحات الرياضية عبر الفيسبوك و دورها فی نشر التعصب و خطاب الكراهية)، کە لە گۆڤاری (مجلة البحوث الاعلامية)، ژمارە 62 بەشی یەکەم لە تەمموزی 2022 بڵاوبۆتەوە. ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی شێوازی چارەسەری رووداوە وەرزشیەکانە لە لاپەرە وەرزشیەکانی فەیسبوك و وەستانە لەسەر رۆڵی ئەو لاپەرە و چارەسەرانە لەسەر بڵاوکردنەوەی دەمارگیری و گوتاری رق و کینە. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی و ئامرازی شیکردنەوەی ناوەرۆکی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و فۆرمی شیکاری ناوەرۆکەکەلەسەر هەردوو لاپەڕەی (پەیج) (اهلى اليوم و ايگاليان زملكاوی) جێبەجێ کراوە. توێژینەوەکە گەیشتوە بە چەند ئەنجامێك لەوانە :لاپەرە وەرزشیەکان لەسەر فەیسبوك کاریگەریان هەیە لەسەر زیادبونی دەمارگیری ئەویش لەرێگەی بڵاوکردنەوەی گوتاری رق و کینە و دەمارگیری، ئەو لاپەرانە هیچ گرنگی نادەن بە هونەرەکانی رۆژنامەوانی و پەیوەست بون بە هەواڵی وەرزشی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵکو روماڵێکی روکەشانەی روداوەکان دەکەن و هەوڵ نادەن لەناو هۆکار و چارەسەرەکاندا قوڵ ببنەوە و بگەڕێن.

3- توێژینەوەی (شحاذە، عثمان محمود) بە ناونیشانی (دور وسائل الاعلام الرياضي الجديد عبر مواقع التواصل الاجتماعي فی نشر االثقافة الرياضية لدى طلبة بعض الجامعات العراقية)، لە گۆڤاری (مجلة علوم الرياضة) مجلد 12 و ژمارە 44 ساڵی 2021 بڵاوبۆتەوە. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی رۆڵی راگەیاندنی وەرزشی یە لەرێگەی تۆرە کۆمەلایەتیەکانەوە لەسەر رۆشنبیری وەرزشی لای خوێندکارانی زانکۆ و بۆ ئەوەش توێژینەوە لەسەر 650 خوێندکاری کوڕ و کچ کراوە. میتۆدی وەسفی روپێوی بەکارهاتوە و فۆرمی راپرسی بەکارهاتوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە فۆرمەکە لە 48 دەستەواژە پێکهاتوە و دابەش کراوە بەسەر 6 بواردا. توێژینەوەکە گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە پلەی گشتی رۆڵی راگەیاندنی وەرزشی لەرێگەی تۆڕە کۆمەلایەتیەکانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری وەرزشی مامناوەند بوە. رۆڵی میدیای وەرزشی نوێ لەرێگەی تۆرە کۆمەلایەتیەکانەوە لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری وەرزشی بەپێی گۆراوی رەگەز، لە گشت بوارەکانی توێژینەوەکەدا مامناوەند بوە.

## ٥.٢ جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژنەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەصفییەکانە و میتۆدی ڕووپێوی تیادا بەکارهاتوە.

## ٦.٢ کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوەکە:

گەنجانی لە هەرێمی کوردستاندا، وەك کۆمەڵی توێژینەوە وەرگیراوە، لەناو گەنجانی هەرێمی کوردستانیش، بە شێوازی ناهەرەمەکی مەبەستدار، (250) گەنج وەك سامپڵ لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە) وەرگیراون.

## ٧.٢ ئامرازی توێژینەوەکە:

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی فۆرمی راپرسیان بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پەیوەست بەپرسیار وئامانجەکانی توێژینەوە.

### ٨.٢ راستی وجێگیری توێژینەوەکە:

راستی توێژینەوەکە: توێژەر کاری لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە، بەجۆرێك پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك لەبواری ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کەهاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت=برگە ڕاستەکان/کۆی برگەکان×١٠٠= 95% کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە. جێگیری توێژینەوەکە: توێژەر بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی ڕا جێگیری ناوخۆیی بەکارهێناوە بۆ داتاکانی توێژینەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (1)

جێگیری توێژینەوە

| برگە | ژمارەی برگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|---|
| پرسیارەکان | 41 | ٠.795 |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەجێگیری توێژینەوە بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی بریتیە لە (٠.795)، کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

### ٩.٢ سنوری توێژینەوەکە:

- سنوری زانستی: سنوری ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕاوەکانی کە لە خۆی گرتوە کە بریتی یە لە ( فەیسبوك، هوشیاری وەرزشی).
- سنوری مرۆیی: گەنجان لە هەرێمی کوردستان.
- سنوری کات: کاتو ماوەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەیە لەنێوان (2025/3/1 بۆ 2025/7/1).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- سنوری شوێن: سەنتەری چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، ئەوانیش (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە).

**١٠.٢ چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

1. ڕۆڵ: ئەو ڕۆڵەیە کەڕەنگە بەهۆی بەرکەوتەی فەیسبوکەوە دروست ببێت بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لەپێکهێنانی هۆشیاری وەرزشی گەنجاندا لەهەرێمی کوردستان.

٢. فەیسبوك: خزمەتگوزاریەکی تۆڕی کۆمەلایەتیە کە کۆمپانیای مێتا پێشکەشی دەکات و لە ڕێگەیەوە تاکەکان لەدوای بەشداری و دروستکردنی هەژماری تایبەت بە خۆیان دەتوانن سودمەند بن لە خزمەتگوزاری جۆراوجۆر وەك دروست کردنی پەیوەندی و بەشداری وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ و دروست کردنی لاپەرەی تایبەتو ناردنی نامە و چاتی ڕاستەوخۆو کۆمێنت و لایف. بنەمای ئەم تۆڕەو خزمەتگوزاریەکانی،گفتوگۆو بیروڕا ئاڵوگۆڕکردنە لەنێوان تاکە بەشدارەکانی تۆڕەکەو ئێستا لەسەرجەم بوارەدان بەکاردێت وەك: سیاسی، ئابوری، وەرزشی، ئایینی، هونەری و بواری دیکە.

3. هوشیاری وەرزشی: کۆی ئەو پاشخان و زانیاری یە کەڵەکەبوەیە کە لەلای تاك دروست دەبێت، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بیرۆکە و وێنای تایبەت بەخۆی سەبارەت بەوەرزشە جۆراوجۆرەکان دروست بکات و ببێتە هۆی پێکهێنانو پەرەپێدانی کەسایەتیەکی تەواو و هەمەلایەن، ئەو زانیاریانەش دەگرێتەوە کە بۆ دانایيو زانینی خوێنەری بواری وەرزشی زیاد دەبێت سەبارەت بە بواری وەرزش و دەبێتە هۆی فراوان بونی ئاسۆی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی بۆ ڕوداوەکانی دەوروبەری.

4. هەرێمی کوردستان: ئەو قەوارە دەستوریەیە کە بەشێکە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و لە ماددەی 117 ی دەستوری عێراقدا دانی پیادا نراوە کە لە ساڵی 2005 پەسەند کراوە.(موقع مجلس النواب العراقي)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣. تیۆرینامە:

### ٣.١ فەیسبوک

فەیسبوك بەوە پێناسە دەكرێت كە: تۆڕێكی كۆمەلایەتی یە كە دەتوانرێت بێبەرامبەر بچیتە ناوی و كۆمپانیای مێتا بەڕێوەی دەبات وەك خاوەندارێتیەكی تایبەت، بەكارهێنەران دەتوانن لەناویدا بچنە ناو ئەو گروپانەی كە شار یان لایەنێك یان شوێنی كار و خوێندنگە.. هتد، رێكی دەخات بۆ پەیوەندی كردن بەكەسانی ترو كارلێك كردن لەگەڵیان، هەروەك بەكارهێنەران دەتوانن داوای هاوڕێیەتیو نامەی تایبەت بنێرن و دۆسیە كەسیەكانیان تازە بكەنەوە و هاوڕێكانیان بە خۆیان بناسێنن. (عامر، 2011، 203 - 204)

شێری كینكۆف (Sherry Kinkoph Gunter) دەڵێت: فەیسبوك یەكێكە لە سایتی تۆڕە كۆمەلایەتیەكان، گوزارشت لە كۆمەڵی نێودەوڵەتی دەكات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، شوێنێكە كە تاكەكانی كۆمەڵ تیایدا كۆدەبنەوە بۆ كارلێك لەگەڵ یەكتر لەرێگەی ئاڵوگۆڕكردنی وێنەو ڤیدیۆ و زانیاری ترو، پەیوەندی بەشێوەیەكی گشتی لەگەڵ هاورێو خێزان و هاوپیشەو هاوكارەكانو كەسانی دیكە، تاكەكانی ناو شارێك یان ناوچە و كارو ماڵو خوێندنگە و هەرشوێنێكی تر پێكەوە دەبەستێت. (هتیمی، 2015، 89)

سەرەتای فەیسبوك، بەرهەمێكی چاوەروان نەكراو بوو لە سایتی فەیس ماچ (FaceMatch)ەوە سەری هەڵدا كە لە جۆری سایتەكانی (Hot or Hot) بوو كە پشتی دەبەست بە بڵاوكردنەوەی وێنەی كۆمەڵێك كەس و پاشان سەردانكەران، سەرنجراكێشترین كەسیان هەڵدەبژارد. لە 15 ی ئۆكتۆبەری ساڵی 2003 ، مارك زوكەربێرگ، لە تەمەنی 23 ساڵیدا لەگەڵ دوو هاورێی بەناوەكانی (داستن مۆسكۆفیتز و كریس هیوز)، (فەیس ماچ)ی دروستی كرد (شفیق، 2014، 45)و لە سەرەتای (2004) بە فەرمی دەستی بەكار كردو بەردەوام تا ئێستا ناوبانگێكی گەورەی پەیدا كردوە، هەربۆیە زۆربەی سەرچاوەكان كۆكن لەسەر ئەوەی دامەزراندنەكە (4 ی نۆڤەمبەری 2004) بوە. (اللبان،2008، 41)

لە گرنگترین تایبەتمەندیەكانی فەیسبوك: (الشریف، 2016، 43-46)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارلێکی: دەرفەتی ئەوە دەدات بە بەکارهێنەرانی، پەیوەندی بەردەوام بکەن بە دوو ئاراستە، ناردن و وەرگرتن، واتە بەکارهێنەران تەنیا وەرگر نین بەڵکو دەتوانن لە هەمان کات نامەش بنێرن بەوەش ئاستێکی زۆرتر لە کارلێك بەدەست دێنن.

هەڵاوێردی: دەرفەتێکی جیاواز بە بەکارهێنەرانی دەدات، لەناو ئەو لێشاوی زانیاری و بابەتانەی لەسەر تۆڕەکە هەیە، بابەت یان زانیاری دیاریکراو هەڵبژێرن بۆ ئەوەی زۆرتر بێتە بەردەستی، یاخود ئەو بابەتانە بلۆك بکەن و دوربخەنەوە کە نایانەوێت زۆر بەرکەوتنیان لەگەڵی هەبێت

ناشوێنی: تۆڕی فەیسبوک گشت سنورە جوگرافیەکانی تێکشکاندوە و تەنانەت سانسۆری وڵاتانیش بە ئەستەم دەتوانن وابکەن تاکەکانی کۆمەڵ نەتوانن دەستیان بە فەیسبوك بگات، بۆیە بەکارهێنانی فەیسبوک پەیوەست نیە بە تایبەتمەندی جوگرافی بەکارهێنەرەوە.

بێکۆتایی: فەیسبوک، هەمیشە بەردەوامە لە بیست و چوار کاتژمێر و حەوت رۆژی هەفتەدا، بەکارهێنەر دەتوانێت هەرکاتێك بیەوێت ئەو تۆڕە بەکاربهێنێت.

ناکاتی: سنوری کات رێگر نیە لەوەی تاك بەکاری بهێنێت، کەسێك لە کیشوەری ئەمریکا کە زۆنی کاتی جیاوازە، دەتوانێت لەگەڵ کەسێك پەیوەندی بگرێت کە لە کیشوەری ئاسیا یان ئەوروپایە و کاتێکی زۆر جیاوازە لە نێوانیان.

نەبونی تێچووی دارایی: فەیسبوک، چەندین بەرنامە و خزمەتگوزاری بەبێ بەرامبەر بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم کردوە، ئەمەش وای کردوە زۆرێك لە بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت ئامادە نەبن کە بەرنامە و خزمەتگوزاریە جێگرەوەکان بەکاربێنن بە هۆی ئەوەی کە فەیسبوک بێ بەرامبەر دابینی کردوە.

نێوەندی گەیاندن: دەتوانرێت فەیسبوک وەک نێوەندێك بۆ ئامرازەکانی دیکە دابنرێت، بۆ گەیاندن، چونکە چەندین دامەزراوە و تۆڕی راگەیاندن و تایبەت بە هەواڵ وەك رۆژنامە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، لاپەرەی تایبەت بە خۆیان لەسەر تۆڕی فەیسبوک دروست کردوە.

بەشداری: فەیسبوك وەك بەشێك لە تۆڕی کۆمەلایەتی، هانی بەکارهێنەران دەدات بۆ بەشداریو کاردانەوە بەرامبەر بە بۆنەو روداوە گرنگەکان.

کرانەوە: بەدەگمەن نەبێت، هیچ بەربەستێك لەبەردەم وەرگردا نەماوە بۆ ئەوەی بگاتە ناوەرۆکە میدیاییەکانو سودی لێ وەربگرێت، تەنانەت لەبری کرێی بەشداری کە پێشتر رۆژنامەو راگەیاندن لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


بەشدارانیان وەردەگرت، ئێستا کەناڵەکانی راگەیاندن، سپۆنسەری بەشێك لە ناوەرۆکەکانیان دەکەن لەسەر تۆڕی کۆمەلایەتی بۆ ئەوەی زۆرتر بگاتە وەرگر.

جیهانیبون: بەهۆی تۆڕی کۆمەلایەتی، تاك لە هەر شوێنێکی جیهان بێت دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ هەرکەسێك بکات لە شوێنێکی دیکە.

لە دیارترین خزمەگوزاریەکانی فەیسبووک: (ابراهیم، 2023، 74)

( دۆسیەی کەسی (profile)، زیادکردنی هاورێ (add friend)، دروستکردنی گروپ (groups)، دیوار (wall)، پۆك (pokes)، وێنە (photos)، دۆخ (status)، پێدانی هەواڵ (news feed)، دیاری (gifts)، بازاڕ (marketplace)، دروستکردنی لاپەڕەی تایبەت (pages)، چات یان نامە (messages)، ئاگادارکردنەوەکان (notifications).

بەپێی ئامارێکی (مركز الاعلام الرقمي)، (DMC) کە دەزگایەکی رەسمی حکومەتی عێراقە، لە ساڵی (2025)دا ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆرە کۆمەلایەتیەکان لە عێراق گەیشتۆتە (34 ) ملیۆن بەکارهێنەر.

بەپێی ئەو سەنتەرە، تا (3 ی ئاداری 2025) ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەلایەتی لە عێراقدا (34.3) ملیۆن بەکارهێنەر بوە کە دەکاتە (73.8%) ی دانیشتوانی عێراق

بەپێی ئەو سەنتەرە، لە عێراقدا بەکارهێنانی (تیکتۆك) و (یوتیوب) پێش بەکارهێنانی فەیسبوک کەوتوە. ریزبەندیەکەش بەم جۆرەیە: ( تیکتۆك : 34. ملیۆن، یوتیوب: 22.3 ملیۆن، فەیسبوك: 20.1 ملیۆن، ئینستاگرام: 19.0 ملیۆن، سناپچات: 18.5 ملیۆن، فەیسبوك ماسنجەر: 15 ملیۆن، ئێکس: 2.65 ملیۆن، لینکدئین: 2.30 ملیۆن). (مركز الاعلام الرقمي، 2025)

### ٣.٢ هوشیاری وەرزشی

هەندێك بەوە پێناسەی دەکەن کە بریتی یە لە: ئاگاداربونی وورد و شارەزایی لە کاروباری وەرزش و سیستم و تابەتمەندیو مێژوو و روداوەکان بەشێوەیەکی گشتی، چەمکێکیشە کە هەندێم خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن و هەولی بۆ دەدەن، هەندێکی دیکەش بەکاری دەهێنن بۆ نمایشو خۆهەڵکێشان و پڕوپاگەندە، بوارێکیشە کە جێی زۆر واتا و بەهای باشە و بەسوودی تیا دەبێتەوە، هەستکردنە بە ناسنامەو هەڵوێستو تایبەتمەندی یە جیاوازەکانی وەرزش لەخۆ دەگرێت. (زکریاء، 2016، 34)

هەروەك بریتی یە لە: ئەو هوشیاریەی كە بەپێی بواری وەرزش پۆلێنی بۆ كراوە و هەموو تایبەتمەندیو گرنگیو خاسیەتەكانی هوشیاری تیادایە بە تایبەتمەندی وەرزشیەوە. ( Qasim. 2022. 308)

لەگرنگترین ئەو پۆلێنانەی بۆ جۆرەكانی هوشیاری وەرزشی كراوە، ئەمانەی لای خوارەوەن:

1- هوشیاری وەرزشی مێژوویی: ئاگاییو هوشیاربونە لە هەموو چالاكیەكی كۆمەلایەتی، ئەگەر هزری بن یان كردەیی، بەرهەمێكی زیندووی ئەزمونی مرۆڤایەتی یە لە چوارچێوەی كاتو شوێندا. ئەگەرچی هەموو گەلانی سەرزەوی وەرزشیان كردوە، بەڵام تۆمارەكانی مێژووی وەرزش زوو دەرنەكەوتن بە هۆی كەموكوڕی لە هوشیاری وەرزشی. (الوقیان، 2012)

2- هوشیاری وەرزشی رۆشنبیری: بریتی یە لە توانای تاكەكان بۆ توانای تاك و كۆمەڵ بۆ تێگەیشتنو درككردن و لەخۆگرتنی بیرۆكەو بیروڕاو چەمكەكانی تایبەت بە بەهاو ئامانجەكانی وەرزش، كە كاردەكاتە سەر بەها كەسیەكانیان و شێوازەكانی رەفتاری وەرزشیان. (هاوكینز، 2016، 160 – 161)

3- هوشیاری وەرزشی جەستەیی (هەستی): توانای وەرزشكارە بۆ زانینی توانا جەستەییو هەستیەكانی لەرێگەی بیركردنەوەوە، كە زانیاری لەسەر خۆی پێدەدات و بە ئزمونەكانی پێشوویەوە دەبەستێتەوە. (سلامە، 2017، 59)

4- هوشیاری وەرزشی ئەفرێنەر: مەبەست لە هەستو سۆزو ئەزمونە فسیۆلۆجیو بیركردنەوەی ئەفرێنەرانەیە كە وەرزشكاران ئامادەدەكات بۆ ئەفراندن لە بوارەكەدا، ئەفراندن دەچێتە خانەی ئامادەیی بۆ بانگەشە بۆ روداوە گەورە وەرزشیەكان.(ابو الیزید2006، 44 – 57)

5- هوشیاری زانیاری وەرزشی: یەكێكە لە چەمكو زاراوە نوێكان لە جیهانی زانیاریدا، بریتی یە لە تواناو لێوەشاوەیی گەیشتن بە زانیاری یە وەرزشیەكان كە بەردەوام بڵاو دەبنەوەو بەكارهێنەر پێویستی پێیەتی لە گەرانەكانیدا(الباحث للاستشارات البحثیة، 2018، 66)

6- هوشیاری كۆمەلایەتی وەرزشی: هوشیار كردنەوەی ئەندامانی كۆمەڵە سەبارەت بە ئەو دۆزە كۆمەلایەتیانەی كە كاردەكاتە سەر دامەزراوە وەرزشیەكانو ژیانی وەرزشكاران،

پێویستە وەرزشکار هوشیار بێت لە هەڵبژاردنی هاوڕێو ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی، لەو هەڵوێستانە دووربکەویتەوە کە پەسەند نینو دەبێتە هۆی ئەوەی تانەی لێ بدرێت.

7- هوشیاری تەندروستی وەرزشی: ئەو وێناو بۆچونانەیە کە هاوکاری وەرزشکار دەکات لە ژیانی خۆیدا و رەفتاری تەندروستانەی دیاری دەکات. ئەم هوشیاری یە لە کۆی ئەو زانینو کێشە تەندروستیانە پێکدێت کە روبەروی وەرزشکارو ژیانی وەرزشی دەبێتەوە (الشرقاوی، 2019، 28)

## لە دیارترین سەرچاوەکانی پێکهێنانی هوشیاری وەرزشی، بریتین لە:

1- خێزان: پایەی سەرەکیو یەکەمینی کۆمەڵە لە هەموو بوارەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، یەکەمین وێستگەی دروست بونی بۆچون و بیرکردنەوەی تاکەکانە سەبارەت بە تەواوی بوارەکانی ژیانو جیهان. (محمود، 2016، 32)

2- خوێندنگە: قۆناغی یەکەمە لە پێکهێنانی هوشیاری زانینو زانست بۆ تاك، بەڵام بە گشتی قۆناغی دوەمە لە وەرگرتنی بەهاکان بۆ تاك لە دوای خێزان (خطاب، 2004، 73)

3- زانکۆ: زانکۆکان بە پلەیەکی باشتر بایەخ بە چالاکیە وەرزشیەکان دەدەن، بگرە وەرزش لە زۆرترین ئەو چالاکیانەیە کە خوێندکاران لە قۆناغی زانکۆدا لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان بەشداری تیا دەکەن. (خطاب، 2004، 74)

4- یانەو دامەزراوەکانی گەنجان و لاوان: یەکێکن لەو دامەزراوانەی کە دەتوانن رۆڵی کارا بگێرن لە بنیاتنانو گەشەپێدانی هوشیاری وەرزشی لای گەنجان.(الجندی، 2013، 4 )

5- راگەیاندن: راگەیاندن بە هەردوو چەشنی کلاسیك و نوێ، بە گەورەترین و گرنگترین ئامرازی هوشیارکردنەوە دادەنرێت لە ئێستای مرۆڤایەتیدا، بە هۆی ئەوەی زانیاریو هەواڵ و گۆرانکاریو سەرجەم ناوەرۆکەکان بە شێوازی جیاجیا و بە دەنگ و تێکست و وێنەو ڤیدیۆ دەگوازێتەوە. (الطعاني،2020، 86)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گرنگی هوشیاری وەرزشی لە چەند خاڵێکدا رەنگ دەداتەوە کە ئەوانیش:

- فاکتەرێکی گرنگە بۆ روبەروبونەوەی سەرجەم دیاردە نامۆکانی لەناو هاندەران و وەرزشکاراندا بەدی دەکرێت.
- خێزانەکان بیرکردنەوە و تێروانینیان بۆ وەرزش دەگۆڕێت و رێگە خۆش دەکەن بۆ بەشداری کردنی منداڵەکانیان لەیوارەکەدا.
- نەبونی هوشیاری وەرزشی، بە تایبەت لە وەرزشی خانماندا زیانی گەورەی لێدەکەوێتەوە بە تایبەت لە کۆمەڵە نەریتیەکاندا.
- بە هۆی نەبونی هوشیاریەوە، تاکەکانی کۆمەڵ دەرفەتی گەورەیان لەدەست دەچێت بە تایبەت ئەو تاکانەی خاوەن بەهرە یان توانا یان خولیایەکن.
- دورکەوتنەوە لە کاری بەکۆمەڵ، یەکێکی ترە لە زیانەکانی نەبونی هوشیاری وەرزشی.
- لەدەستدانی دەرفەتی چونە ریزی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان، لەرێگەی وەرزشەوە، چونکە وەرزش سنور ناهێڵێت لە نێوان وڵاتانی گەورە و بچوک.
- دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی بۆ وڵات، هەر رەفتارێك لە کایەو گۆرەپانەکانی وەرزش دەکرێت، وەك رەنگدانەوەی کەلتوری وڵاتەکە وەردەگیرێت.

## ٤. پراکتیکنامە.

خشتەی (2)

ڕەگەزی سامپڵی تویژینەوەکە

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | 161 | 64.4 | 1 |
| 2 | مێ | 89 | 35.6 | 2 |
| | کۆی گشتی | 250 | 100 | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی خشتەی (2 )، دەردەکەوێت کە نێر بە پلەی یەکەم دێت بە دوبارەی (161)، ڕێژەی سەدی (64.4) و مێ بە پلەی دووەم دێت بە دوبارەی (89)و ڕێژەی سەدی(35.6)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەوشی پراکتیکی سامپڵی تویژینەوەکە دەردەخات.

خشتەی (3)

تەمەنی سامپڵی تویژینەوەکە

| ژ | برگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 24 – 18 | 89 | 35.6 | 1 |
| 2 | 31 – 25 | 58 | 23.2 | 3 |
| 3 | 38 – 32 | 38 | 15.2 | 4 |
| 4 | کەمتر لە 40 | 65 | 26.0 | 2 |
| | کۆی گشتی | 250 | 100% | |

بەپێی خشتەی ( 3)، دەردەکەوێت کە تەمەنی (18-24) بە پلەی یەکەم دێت بە دوبارەی (89)، ڕێژەی سەدی (35.6)، تەمەنی (کەمتر لە 40 ساڵ) بە پلەی دووەم دێت، بە دوبارەبونەوەی (65) و ڕێژەی سەدی (26.0)و تەمەنی (25-31) بە پلەی سێیەم دێت بە دوبارەبونەوەی (58) و ڕێژەی سەدی (23.2) و تەمەنی (32 – 38) بە پلەی چوارەم دێت، بە دوبارەبونەوەی (38)و ڕێژەی سەدی (23.2).

خشتەی (4)

بڕوانامەی سامپڵی تویژینەوەکە

| ژ | برگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بنەڕەتی | 22 | 8.8 | 4 |
| 2 | ئامادەیی | 66 | 26.4 | 2 |
| 3 | دبلۆم | 41 | 16.4 | 3 |
| 4 | بەکالۆریۆس | 78 | 31.2 | 1 |
| 5 | ماستەر | 22 | 8.8 | 4 |
| 6 | دکتۆرا | 21 | 8.4 | 5 |
| | کۆی گشتی | 250 | 100 | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی خشتەی ( 4)، دەردەکەوێت کە، بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)، بە پلەی یەکەم دێت بە دوبارەی (78)و ڕێژەی سەدی (31.2)، بڕوانامەی (ئامادەیی) بە پلەی دووەم دێت بە دوبارەی (66)و ڕێژەی سەدی (26.4)، بڕوانامەی (دبلۆم) بە پلەی سێیەم دێت بە دوبارەی (41)و ڕێژەی سەدی (16.4)، هەردوو بڕوانامەی (ماستەر و بنەڕەتی)بە پلەی چوارەم دێن بە دوبارەی (22) و ڕێژەی سەدی (8.8) و بڕوانامەی (دکتۆرا) بە پلەی پێنجەم دێت بە دوبارەی (21) و ڕێژەی سەدی (8.4).

خشتەی (5)

ئاستی ئابوری سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرز | 24 | 9.6 | 2 |
| 2 | ناوەند | 213 | 85.2 | 1 |
| 3 | نزم | 13 | 5.2 | 3 |
| کۆی گشتی | | 250 | 100% | |

بەپێی خشتەی (5)، دەردەکەوێت کە: ئاستی ئابوری مامناوەند بە پلەی یەکەم دێت بە دوبارەی (213) و ڕێژەی سەدی (85.2) و ئاستی ئابوری بەرز بە پلەی دووەم دێت بە دوبارەی (24) و ڕێژەی سەدی (9.6) و ئاستی ئابوری نزم بە پلەی سێیەم دێت بە دوبارەی (13) و ڕێژەی سەدی (5.2) لەناو بەرتویژانی توێژینەوەکە.

خشتەی (6)

شوێنی نیشتەجێبونی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 73 | 29.2 | 1 |
| 2 | سلێمانی | 72 | 28.8 | 2 |
| 3 | دهۆک | 55 | 22.0 | 3 |
| 4 | هەڵەبجە | 50 | 20.0 | 4 |
| کۆی گشتی | | 250 | 100% | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی خشتەی (6 )، دەردەکەوێت کە: پارێزگای هەولێر بە پلەی یەکەم دێت بە دوبارەی (73) و ڕێژەی سەدی (29.2) و پارێزگای سلێمانی بە پلەی دووەم دێت بە دوبارەی (72) و ڕێژەی سەدی (28.8) و پارێزگای دهۆک بە پلەی سێیەم دێت بە دوبارەی (55) و ڕێژەی سەدی (22.0) و پارێزگای هەڵەبجە بە پلەی چوارەم دێت بە دوبارەی (50) و ڕێژەی سەدی (20.0) لە ڕوی دابەشبونی سامپڵانی توێژینەوەکە.

خشتەی (7)

ئاستی بەرکەوتەی سامپڵی تویژینەوەکە

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 115 | 46.0 | 1 |
| 2 | هەندێک جار | 99 | 39.6 | 2 |
| 3 | بەدەگمەن | 36 | 14.4 | 3 |
| | کۆی گشتی | 250 | 100% | |

ئەنجامی خشتەی (7) ، دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە لە ئاستی بەرکەوتەیان بە پلەی یەکەم بەردەوامە، بە دوبارەی (115) و ڕێژی سەدی (46.0) و بە پلەی دووەم هەندێکجارە بە دوبارەی (99)و ڕێژەی سەدی (39.6)، بە پلەی سێیەمیش بەدەگمەنە بە دوبارەی (36) و ڕێژەی سەدی (14.4)، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە سامپڵی تویژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز فەیسبوک بەکاردەهێنن بەمەبەستی گەیشتن بە هەواڵ و زانیاری و بابەت و کێشە و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان.

خشتەی (8)

کاتژمێری بەکارهێنانی ڕۆژانەی سامپڵی تویژینەوەکە

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 کاتژمێر و کەمتر | 95 | 38.0 | 1 |
| 2 | 2 – 3 کاتژمێر | 80 | 32.0 | 2 |
| 3 | 4 – 5 کاتژمێر | 47 | 18.8 | 3 |
| 4 | 6 کاتژمێر و زیاتر | 28 | 11.2 | 4 |
| | کۆی گشتی | 250 | 100% | |

ئەنجامی خشتەی (8)، دەریدەخات سامپلی توێژینەوەکە لە ڕوی کاتی بەکارهێنانی فەیسبوک، ماوەی (1 کاتژمێر و کەمتر) بە پلەی یەکەم دێت، بە دوبارەی (95) و رێژی سەدی (38.0) و بە پلەی دووەمیش ماوەی (2 – 3 کاتژمێر)ە، بە دوبارەی (80)و ڕێژەی سەدی (32.0)، بە پلەی سێیەم (4 – 5 کاتژمێر)ە، بە دوبارەی (47) و ڕێژەی سەدی (18.8)، ئەوانەشی کە (6 کاتژمێر و زیاتر) فەیسبوک بەکاردەهێنن بە پلەی چوارەم دێن، بە دوبارەی (28) و ریژەی سەدی (11.2). ئەمەش دەیسەلمێنێت لەناو سامپڵانی توێژینەوەکە، زۆرینە ماوەی کاتژمێرێک کەمتر بەکاردەهێنن.

خشتەی (9)

ئاستی خوێندنەوەی بابەتی وەرزشی لەلایەن سامپڵی تویژینەوەکە

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 122 | 48.8 | 1 |
| 2 | هەندێکجار | 102 | 40.8 | 2 |
| 3 | بەدەگمەن | 26 | 10.4 | 3 |
| | کۆی گشتی | 250 | 100% | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (9)، سەبارەت بە ئاستی خوێندنەوەی بابەتە وەرزشیەکان لەلایەن سامپڵانی تویژینەوەکەوە، دەردەکەوێت سامپلی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم (بەردەوام) بابەتی وەرزشی دەخوێننەوە لەسەر تۆڕی فەیسبوک، بە دوبارەی (122) و ڕێژەی سەدی (48.8)، بە پلەی دووەمیش (هەندێکجار) بابەتە وەرزشیەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک دەخوننەوە، بە دوبارەی (102)و ڕێژەی سەدی (40.8)، بە پلەی سێیەمیش (بەدەگمەن) ئەو بابەتانە دەخوێننەوە لەسەر تۆڕی فەیسبوک، بە دوبارەی (26) و ڕێژەی سەدی (10.4)، ئەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە کە سامپڵانی توێژینەوەکە بە ڕێژەی زۆرینە بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک بە شێوەیەکی بەردەوام دەخوێننەوە.

خشتەی (10)

ئاستی کارلێکی سامپڵی تویژینەوەکە لەگەڵ بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 67 | 26.8 | 2 |
| 2 | هەندێکجار | 147 | 58.8 | 1 |
| 3 | بەدەگمەن | 36 | 14.4 | 3 |
| | کۆی گشتی | 250 | 100% | |

خشتەی (10)، سەبارەت بە ئاستی کارلێکی سامپڵی تویژینەوەکە بە بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک، دەری دەخات، سامپلی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم (هەندێکجار) کارلێک لەگەڵ بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک دەکات، بە دوبارەی (147) و ڕێژەی سەدی (58.8)، بە پلەی دووەمیش (بەردەوام) کارلێک لەگەڵ ئەو بابەتە وەرزشیانە دەکات کە لەسەر تۆڕی فەیسبوک بڵاودەکرێنەوە، بە دوبارەی (67)و ڕێژەی سەدی (26.8)، بە پلەی سێیەمیش (بەدەگمەن) کارلێک دەکەن، بە دوبارەی (36) و ڕێژەی سەدی (14.4)، ئەم ئەنجامە دەیسەلمێنێت زۆرینەی سامپڵی تویژینەوەکە بە بەردەوامی یان هەندێک جار کارلێک لەگەڵ بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک دەکەن، بە بەراورد بەوانەی کە بەدەگمەن کارلێک دەکەن و ڕێژەی (14.4) پێک دەهێنن.

خشتەی (11)

ئاستی متمانەی سامپڵی تویژینەوەکە بە بابەتە وەرزشیە بڵاوراوەکان

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 77 | 30.8 | 2 |
| 2 | هەندێکجار | 145 | 58.0 | 1 |
| 3 | بەدەگمەن | 28 | 11.2 | 3 |
| | کۆی گشتی | 250 | 100% | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (11)، سەبارەت بە ئاستی متمانەی سامپڵی تویژینەوەکە بە بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک، دەردەکەوێت سامپلی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم (هەندێکجار) متمانەی بە بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک هەیە، بە دوبارەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(145) و ڕێژەی سەدی (58.0)، بە پلەی دووەمیش (بەردەوام) متمانەیان بەو بابەتە وەرزشیانە هەیە کە لەسەر تۆڕی فەیسبوک بڵاودەکرێنەوە، بە دوبارەی (77)و ڕێژەی سەدی (30.8)، بە پلەی سێیەمیش (بەدەگمەن) متمانەیان بەو بابەتە وەرزشیانە هەیە کە لەسەر فەیسبوک دەیخوێننەوە، بە دوبارەی (28) و ڕێژەی سەدی (11.2)، ئەم ئەنجامە دەری دەخات کە ئاستی متمانەی بەرتویژان بە بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکان لە ئاستێکی بەرزدایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (12)

بۆچونی سامڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە بەرکەوتەیان بە تۆڕی فەیسبوک و پێکهێنانی هوشیاری وەرزشیان

| بڕگەکان | هاوڕام زۆر | | هاوڕام | | دڵنیانیم | | هاوڕانیم | | هاوڕانیم زۆر | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | |
| لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕی فەیسبوک لەگەڵ هاوڕێیان و دەوروبەرمدا ئاڵوگۆڕی بابەتە وەرزشیەکان دەکەم . | 39 | 15.6 | 106 | 42.4 | 29 | 11.6 | 40 | 16.0 | 36 | 14.4 | 2.71 | 1.307 | 10 |
| لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕی فەیسبوکدا بۆچونی خۆم لەسەر بابەتە وەرزشیەکان دەخەمەڕوو. | 30 | 12.0 | 85 | 34.0 | 35 | 14.0 | 63 | 25.2 | 37 | 14.8 | 2.97 | 1.292 | 7 |
| بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک هوشیاری وەرزشیم بۆ دروست دەکات. | 50 | 20.0 | 117 | 46.8 | 48 | 19.2 | 18 | 7.2 | 17 | 6.8 | 2.34 | 1.087 | 9 |
| بابەتی وەرزشی جۆراوجۆر لەسەر تۆڕی فەیسبوک بڵاو دەکەمەوە. | 18 | 7.2 | 48 | 19.2 | 50 | 20.0 | 66 | 26.4 | 68 | 27.2 | 3.47 | 1.271 | 3 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بابەتە وەرزشییە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک کارایيم زیاتر دەکات بۆ ئەوەی بەردەوام یاریەکان ببینم. | 50 | 20.0 | 81 | 32.4 | 58 | 23.2 | 27 | 10.8 | 34 | 13.6 | 2.66 | 1.290 | 8 |
| بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک زانیارییەکانم زیاد ناکات لەسەر پرسە وەرزشیەکان. | 20 | 8.0 | 36 | 14.4 | 47 | 18.8 | 75 | 30.0 | 72 | 28.8 | 3.57 | 1.263 | 2 |
| بابەتە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک پەیوەست بە یاریە وەرزشیەکان سەرچاوەکانیان ناڕاستن. | 14 | 5.6 | 37 | 14.8 | 80 | 32.0 | 74 | 29.6 | 45 | 18.0 | 3.40 | 1.112 | 4 |
| بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک زانیاری هەڵە و ناڕاستی تێدایە. | 24 | 9.6 | 70 | 28.0 | 74 | 29.6 | 47 | 18.8 | 35 | 14.0 | 3.00 | 1.191 | 6 |
| بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک کاردانەوەی نەرێنی لەلا دروست کردوم سەبارەت بە یاریە وەرزشیەکان. | 20 | 8.0 | 46 | 18.4 | 67 | 26.8 | 72 | 28.8 | 45 | 18.0 | 3.30 | 1.194 | 5 |
| بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک هۆکارە بۆ دروست نەبونی هوشیاری وەرزشیم سەبارەت بە یارییە وەرزشیەکان. | 12 | 4.8 | 33 | 13.2 | 63 | 25.2 | 81 | 32.4 | 61 | 24.4 | 3.58 | 1.135 | 1 |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی ئەنجامی خشتەی (12)، دەردەکەوێت، بەپلەی یەکەم بۆچونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە بەرکەوتەیان بە تۆڕی فەیسبوک و هوشیاری وەرزشیان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک هۆکارە بۆ دروست نەبونی هوشیاری وەرزشیان سەبارەت بە یارییە وەرزشیەکان) بە نێوەندی ژمێرەی (3.58) و لادانی پێوەری (1.135)، بە پلەی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک هوشیاری وەرزشیم بۆ دروست دەکات) بە نێوەندی ژمێرەیی (2.34) و لادانی پێوەری (1.087).

## ٥. دەرەنجام

### *دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

1- سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز فەیسبوک بەکاردەهێنن بەمەبەستی گەیشتن بە هەواڵ و زانیاری و بابەت و کێشە و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان.

2- زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز کارلێک لەگەڵ بابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک دەکەن.

3- زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز متمانە بەبابەتە وەرزشی یە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی فەیسبوک دەکەن.

4- سەبارەت بەبۆچونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە بەرکەوتەیان بە تۆڕی فەیسبوک و هوشیاری وەرزشیان، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک هۆکارە بۆ دروست نەبونی هوشیاری وەرزشیان سەبارەت بە یارییە وەرزشیەکان)، بە پلەی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (بابەتە وەرزشیە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی فەیسبوک هوشیاری وەرزشیم بۆ دروست دەکات).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ٦. سەرچاوەکان.

## *سەرچاوە عەرەبییەکان:

### یەکەم: کتێب.

(سلامة،حاتم)، ( 2017)، التشجيع يصنع المعجزات، دار لوتس للنشر الحر، الجيزة، مصر
(هتيمي، حسين محمود)، (2015). العلاقات العامة و شبكات التواصل الاجتماعي، دار اسامة للنشر، الاردن
(شفيق، حسنين)، (2014)، مواقع التواصل الاجتماعي – ادوات و مصادر للتغطية الاعلامية، القاهرة: دار فكر و فن للطباعة و النشر
(هاوكينز، ر. ديفيد)، (2016)، القوة مقابل الاكراه: العوامل الخفية خلف السلوك البشري، دار الخيال للنشر و التوزيع، بيروت، لبنان
(الطعاني، سليمان)، (2020)، الوجيز في التربية الاعلامية، دار الخليج للنشر و التوزيع، عمان، الاردن
(خطاب، سمير عبدالقادر)، (2004)، شغب الملاعب و اساليب مواجهته، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، الرياض، المملكة العربية السعودية (59 – 81)
(اللبان، شريف درويش)، (2008). تكنولوجيا الاتصال، المخاطر و التحديات و التأثيرات الاجتماعية، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب
(الشرقاوي، عبدالرزاق احمد)، (2019)، الاعلام الرياضي، دار غيداء للنشر و التوزيع، عمان، الاردن
(عامر، فتحي حسين)، (2011): وسائل الاتصال الحديثة من الجريدة الى الفيسبوك، العربي للنشر و التوزيع، القاهرة
(محمود، محمد عبدالمحسن احمد و الخطيب، خالد محمد عبد الجابر)، (2016)، العلاقات العامة في المجال الرياضي، دار العلم و الايمان للنشر و التوزيع

### دووەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆر

(زكرياء، تناح)، (2016)، دور مواقع التواصل الاجتماعي في زيادة الوعي الرياضي لدى المراهقين، رسالة ماجستير، معهد العلوم و التقنيات النشاطات البدنية و الرياضية، جامعة المسيلة، الجزائر، رسالة ماجستير غير منشورة
(الشريف، رشا محمد). (2016). دور الفيسبوك في تنمية القيم السياسية لدى طلاب جامعة طنطا. (رسالة ماجيستير غير منشورة) جامعة طنطا. مصر
(عبدالجواد ، سارة سعيد)، 2022. الصفحات الرياضية عبر الفيسبوك و دورها في نشر التعصب و خطاب الكراهية)، مجلة البحوث الاعلامية، عدد 62، الجزء الاول
(ابراهيم، سميرة محمد خليل و آخرين)، (2023)، مواقع التواصل الاجتماعي و دورها في تشكيل الثقافة الرياضية لطالبات المعاهد الازهرية، مجلة بحوث التربية الشاملة، الجلد 14، العدد27
(شحاذة، عثمان محمود)، 2021. دور وسائل الاعلام الرياضي الجديد عبر مواقع التواصل الاجتماعي في نشر الثقافة الرياضية لدى طلبة بعض الجامعات العراقية، مجلة علوم الرياضة، مجلد 12، عدد 44
(العلي، عقبة عبدالنافع)2023، دور المواقع التواصل الاجتماعي في تشكيل ثقافة الشباب، مجلة العلوم الانسانية و الطبيعية، جامعة دمشق، سوريا.
(الجندي، وائل عبداللطيف)، (2013)، رؤية مقترحة لمواجهة عنف و شغب الملاعب الرياضية، دراسة مقارنة، الجامعة الامريكية بالأمارات، دراسة غير منشورة

**سێهەم: گۆڤار**

- (ابو اليزيد، اشرف)، (2006)، كاس قياصرة العالم، مجلة العربي، العدد 571 https://alarabi.nccal.gov.kw/Home/Article/6336
- (الباحث للاستشارات البحثية بالقاهرة)، (2018)، الثقافة الرقمية و الوعي المعلوماتي : المفهوم – أبعادها – وسائل التنمية

**چوارەم: سایتی ئەلکترۆنی**

- مركز الاعلام الرقمي، (2025)، (34مليون مستخدم لمواقع التواصل الاجتماعي في العراق عام 2025
متاح على:
https://dmc-iq.com/2025/03/04/%d9%85%d8%b1%d9%83%d8%b2-%d8%a7%d9%84%d8%a5%d8%b9%d9%84%d8%a7%d9%85-%d8%a7%d9%84%d8%b1%d9%82%d9%85%d9%8a-34-%d9%85%d9%84%d9%8a%d9%88%d9%86-%d9%85%d8%b3%d8%aa%d8%ae%d8%af%d9%85-%d9%84%d9%85%d9%88/
تأريخ النشر (2025/3/4)
تأريخ الزيارة: (2025/4/14)

**موقع مجلس النواب العراقي**
بدون تأريخ النشر
تأريخ الزيارة: 2025/1/15
متاح على الرابط التالي:
https://iq.parliament.iq/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D9%88%D8%B1/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D9%88%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A/

- (الوقيان، شايع بن هذال)، (2012)، مفهوم الوعي التأريخي
تأريخ النشر: السبت 18 اغسطس 2012
تأريخ الزيارة: 2025/3/16 ساعة 17:42
متاح على :
https://www.okaz.com.sa/article/500186#:~:text=%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B9%D9%8A%20%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE%D9%8A%20%D9%87%D9%88%20%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D9%83%20%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%A7%D8%B9%D9%8A,%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%86%D8%B3%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9%20%D9%81%D9%8A%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A7%D8%B6%D9%8A%20%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%A7%D8%B6%D8%B1%20%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B3%D8%AA%D9%82%D8%A8%D9%84.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## * سەرچاوە بیانییەکان:

## یەکەم: گۆڤار

- (Qasim. Qasim Hanoon and Al-Saraj, Shukria kawakaz), (2022), sport awareness industry in sports news agencies, journal of positive school psychology.vol.6 , no. 4

---

# The role of Facebook in creating sport awareness in the Kurdistan Region

**Zhwan Ahmed Saeed**
Department of Media Technic, College of Administrative Technical Administration, University of Polytechnic, Sulaymaniyah. Kurdistan Region. Iraq
Email: Zhwan.saeed.tca@spu.edu.iq

**Prof. Rebar Goran Mustafa**
Department of Media Technic, College of Administrative Technical Administration, University of Polytechnic, Sulaymaniyah. Kurdistan Region. Iraq
Email: rebar.goran@spu.edu.iq

## Abstract
This descriptive–quantitative study investigates Facebook's influence on sports awareness among youth in the Kurdistan Region. Employing a survey of 250 randomly selected participants, the research examines patterns of Facebook use for accessing news, information on regional and international issues, and sport-related content. Results indicate that respondents engage heavily with the platform and demonstrate a high degree of trust in sports articles published there. Importantly, while such posts were perceived to contribute to gaps in knowledge about specific sports, they simultaneously fostered broader sports awareness. These findings highlight Facebook's multifaceted role in both impeding and enhancing the sports consciousness of Kurdish youth.

***Keywords:*** *Role. Facebook. Sport Awareness. Kurdistan Region*.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دور الفيسبوك في تشكيل الوعى الرياضي في اقليم كردستان

**ملخص:**

يهدف هذا البحث إلى تحديد دور فيسبوك في تشكيل الوعي الرياضي في إقليم كردستان، وذلك من خلال تحديد مستوى و حجم استخدام فيسبوك، وعرض آراء المستخدمين حول استخدام الفيسبوك و وعيهم الرياضي.

هذه الدراسة من الدراسات الوصفية، حيث اعتمدت فيها النموذج الكمي بالأعتماد على المنهج المسحي لعينة من الشباب في اقليم كردستان قوامه (250) شاب، من خلال استعمال استمارة الاستبيان للوصول الى الجواب لأسئلة الدراسة.و خلصت نتائج الدراسه الى: تستخدم افراد العينة الفيسبوك بمستوى عالي للوصول الى الاخبار و المعلومات المتغلقة بالقضايا و الصراعات الاقليمية و الدولية. يولي افراد العينة اهتماما كبيرا بالمواضيع الرياضية المنشورة على الفيسبوك، غالبية العينة تثق بالمواضيع الرياضية المنشورة. تتفاعل غالبية العينة مع المواضيع الرياضية . بالنسبة لرأي العينة حول تعرضهم للفيسبوك و وعيهم الرياضي، يرجع بالدرجة الاولى الى أن ( المواضيع الرياضية المنشورة على شبكة الفيسبوك هي سبب من اسباب عدم تشكيل الوعي الرياضي لديهم)، و بالدرجة الاخيرة يرجع الى أن ( المواضيع الرياضية المنشورة على شبكة الفيسبوك تخلق الوعي الرياضي لدي).

**الكلمات المفتاحية:** الدور, الفيسبوك , الوعي الرياضي ,الشباب, إقليم كردستان